نەقیزەکەی لالۆم

## بۆ رزگار کۆچەری تەمەن 30 ساڵ

**جەنابی موفەتیش**

من داوای لێبووردنی گشتی ئەکەم چونکە نەمزانی تۆ( تفلی )دەبیرستانی بە قسەی خۆت جارێ ماڵم وێران نەبووە و قەمەر نەگیراوە و شوکر هێشتا خەتیشت نەداوە... بە راستی هەربۆ ئەمەش پەیوەندییم بەخاڵی گەورەمان خاڵە ئەبونەواسەوە کرد و ئەویش فەرمووی، نەکەی دڵی ئەو تلفە نازدارە بشکێنیت و جارێ تووخنی بکەویت و چونکە بەپێی یاداشتەکانی ئەم خاڵە مەزنە هەر کەسێ دەور و خولی هەر تفلێکی دەبیرستان
بدات و هێشتاپێناسەیەکی وەکو دەفتەری خزمەتی سەربازییەکەی جاران هەڵنەگرتبێت ،ئەواباخۆیشی لافی ئەوەلێبدات کە لەوانەیە چەندجارێکیش لەو ئاوی حەیاتی حەمامۆکەی خواردبێتەوە..بەڵام جارێ نابێ بیخەیتە ژێر هەڵگرتنی هیچ بارێکی قوورسەوە ،چونکە لەوانەیە بەرگەی نەگرێت و بەسەرتا ساغ بێتەوە.
بەڵام هەر بەدزی خاڵە ئەبو نەواسەوە پێت ئەڵێم :ــ ئەگەر ئەڵێی منی جەنابی موفەتیش ئەوەم کە تۆ بەو کۆنە بەعسیەم ئەزانیت و ئەگەروایش دەرنەچوو،پێمبڵێ چیم ئەدەیتێ ...؟!دوای ئەوەش ئامادەم بێم و قیروسیاتۆیش بخەمە سەرقەلاڵدۆشکانم و هەموو بن قەرات و سەرقەرات بگەڕێنم و تۆش لەوەخراپترم پێبڵێ ، پێمبڵێ و من مەمنوون.. چونکە بە خوا هەموو جارێ منیش ناچارم لەو جەوە شیعرەدا وەکو خاڵە ئەبو نەواس، بڵێم و بڵێمەوە ( شوکر وشیارە مەحوی و خەڵکی تێدەگا ....لە کۆتاییدا ئەمەوێت پێت بڵێم گوڵم بۆیە دڵم نایەت بە نەقیزەکەی لالۆم هەچەت لێ بکەم، چونکە هەر وەکو لەسەرەتاوە وتم خاڵە ئەبو نەواس ترساندمی و پێیوتم :ــ ئەو تفلی دەبیرستانە بەرگەی ئەو ئێش و ئازارە ناگرێ ... جارێ وازی لێ بهێنە، چونکە هەر دەوەنەو ئەبێ بەدار ....هەروەهاش داوای لێبووردن لە کاک رزگار کۆچەر دەکەم کە هەچەی نەقیزەکەی لالۆی درەنگ بەرکەوت، ئەویش بەهۆی هەندێ هەڵەی تەکنیکی و پشوودانی رووپەلی ماڵپەی کوردتایمزەوە لە سەروبەندی جەژنەکانی ساڵی نوێدا بوو..